# با هەمووومان سیستەمی پەروەردە و فێرکردن بگۆڕین

ئەمرۆ باسی پەروەردە و فێرکردن لە نێو کۆمەڵگادا باسێکی گرنگەو ڕۆژانە دەیان بەرنامە , ڕاگەیاندن , چاوپێکەوتن, وە چەندین چالاکی جۆر بەجۆری لە سەر ئەنجام دەدرێت , لە ڕاستی دا قسەکردن لەسەر ئەم لایەنە گرنگەی ژیانی کۆمەڵگاو بە تایبەت منالأن تەنها بە لێکدانەوەی ئەکادیمی و شیکردنەوەی سیستەمەکە کۆتای نایەت, چوونکە واقعی ژیانی خوێنکاران و منالأن لە خوێندنگاکاندا بە جۆرێکە ئەوەی تێپەڕاندووە کەم تەرخەمی بکرێت لە هەوڵ دان بۆ گۆڕینی سیستەمی پەروەردەو فێرکردنێک کە هەیە ,کە لە ڕاستی دا هەموو شتێکە نەک پەروەردەوفێرکردن ئەمرۆ بە هۆی نەگونجانی ئەم سیستەمە دواکەوتوانە لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگاو سەرکوتێک لە چوارچێوەی ئەم سیستەمەدا بەسەر خوێندکاراندا فەرز دەکرێت باسی پەروەردەو فێرکردن وەک دەیان کێشەی تری بناغەیی ئەم کۆمەڵگایە بوتە باسێکی گەرم کە هیچی کەمتر نی یە لە مەسەلەی ژنان , لاوان , یاسای کار , ئاوارەبوون و دەیان دیاردەی تر ,ئێوە بیبێنە بەرچاوی خۆتان سیستەمێک دەسەلأتێکی سەرکووتگەری وەک بەعس دایڕشتبێت و کاری پێکردبێت , سیستەمێک دوانزەساڵ لەژێر کاریگەری گەمارۆی ئابووری دژە ئینسانی دا بووبێت , سیستەمێک زیاترلە سیانزە ساڵ لە کوردوستان ئەحزابی قەومی و دەستەوتاقمی ئیسلامی هەرچی دواکەوتوانە بووبێت بە ئارەزووی خۆیان فرێیان داوەتە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن و هەرچی پێشکەووتن و ئینسانیەت و مەدەنیەت هەیە پشت گوێیان خستووە , ئیتر ئەمرۆ گۆڕینی ئەم سیستەمە بۆ ئەو ئینسانانەی کە لە خەمی منالأن و خوێندکاراندان مەسەلە یەکی چارەهەڵنەگرە چونکە ڕۆژانە خوێندکاران خەریکن بە بەخشینی گیانی خۆیان گەندەڵی ئەم سیستەمە نیشان دەدەن سەرەڕای لێدان , سووکایەتی , جنێوو , شکاندن , هتد . هەرواشە تائەو کاتەی ژنان وەک نێچیرێک نەکەو تنە بەردەست تیرۆریستان کێشەی ژنان بەم ئاستە نەبوویە جێگای سەرنجی کۆمەڵگاو دەیان هەڵسوڕاوی بۆ پەیدا نەبوو ,سیستەمێک لەسەر ئەو بناغەیە پێک هاتووە کە ئینکاری ئینسانی بوونی منالٚ ئەکات و ئەوەی هەستی ناسک و منالأنەی خوێندکار هەیە بە حیساب نەهاتووە , هەموو شێوازەکانی پەروەردە جوودای خوازانەو هەستی قین و ڕک و دووبەرەکی دروست دەکات , هەرچی دەرگای پێکەوە

ژیان و نیشان دانی پەیوەندی ئینسانی نێوان خوێندکار و منالآن هەیە دایخستووە , کاتێ قسە لەسەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردن دەکرێت وە ڕۆڵی مامۆستا نەگەتیف هەڵدەسەنگێنرێت مەسەلەکە شەخسی نیە بەڵکو قسە لە سەر پرۆسەیەکە مامۆستای کردۆتە ئامێرێک بۆ عمەلی کردنەوەی ئەو سیستەمە نەخوازراوە کە دەبێت بە گۆڕینی ئەو سیستەمە پەیوەندی ئینسانی و خۆشەوویستی نێوان خوێندکار و منالێ و مامۆستا بگەڕێتەوە سەر بناغە ئەسڵیەکەی خۆی, بە ڕزگار بوون لەم سیستەمە مامۆستاو خوێندکار پێکەوە زنجیری دەیان کار دەپسێنن کە لەگەڵ سرووشتی فێرکردن و کۆمەک کردن بە پێگەیاندنی نەوەی نویێ بۆ ئەم کۆمەڵگایە ناگوونجێ , سیستەمێک ئەساسی بناغەکەی ئەوەیە چۆن منالێکی گوێ ڕایەڵ دروست دەکرێت بۆ قسەی گەورەکان , چۆن سەربازێکی بچووک بۆ سبەینێی جەنگەکان ئامادە دەکرێت لەخۆوە نەبوو دڕندەکانی بەعس ڕۆژانی پێنج شەمە هەڵکردنی ئالآ و تەقەکردنیان کردبووە خۆش ترین سرودی ناسکی سەر زاری خوێندکاران لە خۆوە نەبوو فتوە و تەلایع و قدوە و وێنەی سەرۆکیان کردبوویە نان و بەرگی منالآن و خوێندکاران , لە خۆوە نە بوو ڕۆژانی مەسیرە و جەژنی لە دایک بوونی سەرۆک لە ڕۆژەکانی خووێندن لە خوێندنگاکان زیاتر بوو , ئەم دەسەلآتە بۆگەنە ئەم سیستەمە بۆگەنەی بۆ ئەم مەرامە بۆگەنانە بوو , هەر لە درێژەی بە ڕێوەبردنی ئەم جۆرە سیستەمەدا دەیان جۆر سوونەتی دواکەوتوانەی دژی منالێ و خوێندکارو هەستە ناسکەکەیان جێدەخرا کە کاریگەری تەواو خراپی لەسەر باری دەروونی و سەرکووت کردنی خەلاقیەتی خوێندکار و منالێ دادەنێت ,جیاوازی دانان لەنێو ئەو منالآنەی کە لە ماڵەوە پێکەوە هاتوون بۆ خوێندنگا بەڵام ئەو جێگایەی بڕیارە فێری زانست و زانیاریان بکات جیان دەکاتەوە و هەریەکەیان لە ژێر ناوێکدا بۆ کونجێک ڕەوانە دەکات , کچ و کوڕ , ڕیزی شێر و پڵنگ و ڕێوی , زیرەک و تەمەڵ , ئازا و ترسنۆک ,هینانە دەرەوەی ززیرەک و تەمەڵەکان ,یارمەتی هەتیوان ,یەکەم و دووەم و سێیەم ,دارکا ری ئەوەی ڕۆژی پێشوو نەهاتوەتەوە بۆ خوێندنگا , لێدان , قەڵەم خستنە بەینی پەنجە ,ڕاوەستان لە سەر یەک قاچ قۆپیە , نمرەی ڕەووشت , گۆشت بۆ ئەوان و ئێسقان بۆ کەس و کار , ئەمانەو دەیان جۆر هەڵس و کەوت کە بە ڕاستی ئینسان بێزار دەکەن , سیستەمێک کە بەر ئەساسەکەی ئەوەیە بە ئارەزوی گەورەکان چۆن منالێک یان خوێندکارێک پەروەردە دەکرێت , نەک ئەوەی منالێک وەک ئینسانێکی بچووک کە ناتوانێ بەرگری لە خۆی بکات دەبێت بەپێی پێوەرێکی ئینسانی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و لە هەموو توونڈو تیژیەکی دەرونی و جەسەدی بەدوور بێت , سیستەمێک کە کار لەسەر ئەوە دەکات گەورەیەکی مەزهەبی دەیەوێت منالێک و خوێندکارێکی مەز هەبی پێبگەیەنێت , سیستەمێک کە گەورەیەکی قەومی دەیەوێت منالێ یان خوێندکارێکی

قەومی پێبگەیەنێت ,ئەم سیستەمە چونکە دواکەوتوانەیە فرسەت دەدات بەوەی کە هەرکەس بیەوێت سروشتە ئەسڵەکەی منالْ و حەزە ئینسانیەکانی تێک بدات بتوانێت و ڕێگا پێدراوبێت , من خوێندکاری پۆلی سێ یەمی ناوەندی بووم مامۆستایە کی وانەی ئینگلیزیمان هەبوو زۆر کات لە کاتی وانەی ئینگلیزی دا باسی ئیسلام و خوای بۆ ئەکردین لە بری دایەلۆگ و ڕیدینگەکان ڕۆژێکیان پێمان ووت مامۆستا ئێمە تاقی کردنەوەی بەکالۆریمان هەیە پێوویستە مەنهەجەکە تەواو کەین تۆ بۆ باسی دینمان بۆ ئەکەیت , مامۆستا ووتی خودا لەسەر ئەوە موحاسەبەمان ناکات کە وانەی ئینگلیزی ناخوێنین بەڵام لەسەر ئەوە موحاسەبەمان ئەکات کە باسی ئیسلام نەکەین , خوێندکارێکی کچ تەنها لە بەر ئەوەی قژی بە قێر خاوکردبوویەوە بەڕێوبەری خوێندنگا بەیانیەکی زستان سەری دابوویە بەر ئاوی سار بۆ ئەوەی خاویەکەی بڕواتەوە ,کۆمەڵێک خوێندکاری کچ تەنها بە دەلیلی ئەوەی دەفتەری یادگاریان هەبووە و وێنەی گۆرانی بێژ و ئەکتەرە بیانیەکانی تێدا بووە ڕەزیل کراون و کەس و کاریان لەم تاوانە گەورەیە ئاگادار کراوە ,خوێند کاری سەرەتای بووم مامۆستای بەرپرس لە حانووتی خوێندنگا هەڕەشەی لێکردین ڕۆژانی هەینی کە خوێندنگا نییە نابێت پارە کانتان خەرج بکەن و دەبێت ڕۆژی شەممە بیهێننەوە بۆ خوێندنگا خەرجی بکەن , سیستەمێک دەیەیە کە پرۆگرامەکەی یەک خاڵ لە پێشکەووتن و زانیاریەک ئەمڕۆ ئینسانیەت پێگەشتووە نەچوەتە سەری زیاتر لە چل ساڵە لە وانەی بیرکاریەکەیدا قەڵەم و تورەکە کوئەکرێتەوە , لەوانەی مێژووەکەیدا ڕاستی چەواشە ئەکرێت , لە وانەی نیشتمانیەکەی دا هەستی قەومی و شۆڤێنیەت ئەروێنرێت , لە وانەی وەرزشەکەیدا ڕاو ڕاوێن و نمایشی هێز دەکرێت , سیستەمێک ئەو ئینسانە لە خۆ بردووەیەی ناوی مامۆستایە لە خوێندکار دەکاتە ملۆزم و نەلە کوڵان نە لە بازاڕ ناتوانێ خۆی نیشان بدات , پشکنینی پاک و خاوێنی نینۆک و گۆرەویەکان کابووسێکی تری گیانی منالْ وخوێند کاران جاری وا هەبوو پشتووێنێکمان ئەکرد بە دەسڕی زیاتر لە دە خوێنکار , جارێکیان سەرەم بوو بۆ ئەوەی پر سیارێکی وانەی بیرکاری حەل بکەم لەبەر ئەوەی نەم ئەزانی و مامۆستاش دارکاری ئەکردم ناچار بووم تا سەرەم هات دانێکی خۆم لەقاند و دەرم هێناو خوێنی لێهات مۆڵەتم وەرگرت و چومە دەرەوە تا وانەکە تەواو بوو لە کاتێکدا دانەکەم هیچی نەبوو , ئەم پرۆسەیە ئینسانی نیە ئەم پەیوەندیەی نێوان مامۆستاو خوێندکار ئینسانی نیە ئەم بوارە جێگای پێگەیاندن و فێربوون نیە , زیاتر لە سیانزە ساڵە لە کوردوستانیش هەمان سیستەم پەیڕەوی دەکرێت بەبێ کەم و بەزیادەوە سووکایەتی و ئیهانە بەردەوامە چاندنی تۆوی قومگەرای و مەزهەب بەردەوامە ,خوێندنگا بۆتە مەیدانی سیاسەت و کاری حیزبی , مزگەوت و ژوری یەکیەتی قوتابیان و کۆمەڵەی خوێندکاران لە تاقیگەو مەرسەمە کان

گەورترە , هەڵبژاردن و وێنەی سەرۆك و شەڕە بلۆك بۆ دەسەڵاتداران هەموو شتێکە , مەنهەجێکی دواکەوتوا نە کە دەیەوێت تاکێکی دواکەوتوو بەرهەم بێنێت لە هەناوی پرۆسەی خوێندن و پەروەردەدا کار دەکات , دیارە هەموومان ئەم ماوەیە شاهیدی دەیان کارەساتی جەرگ بڕ بووین لە ڕیزی خوێندکاراندا کە هۆکارەکەی ئەو پرۆ سە پەروەردەیە نەگونجاوەیە کە لە کوردوستان پەیڕەوی دەکرێت , کێ هەیە هەواڵی عادل داینەچڵەکاندبێت کێ هەیە هەواڵی ئەو کچە خوێندکارە تەمەن سیانزە ساڵەی خۆی سووتاند وویژدانی نەهەژاندبێت تەنها بەهۆی ئەوەی نامەی خۆشەویستی پێوە گیراوە , چ سیستەمێکە خۆشەویستی قاچاغە بەڵام لێدان , ئیهانە , زیندانی کردن ,سەر شکاندن , ناچاربوون بە خۆکووشتن , فێرکردنی دەمارگیری قەومی و مەزهەبی هەموو ئەمانە یاسای و بە ئاشکرا ئە نجام دەدرێن , لە دوای ڕووخانی ڕژێمی دڕندەی بەعسیش هەمان سیناریۆ بەردەوامەو پەتی بێمافی منالاّن و خوێند کاران توندتر بووە سیستەمی پەروەردە و فێربوون ڕوو لە نابووت تربوون دەنێت , بۆیە ئەرکی هەموومانە ئەو ئەو کەسانەی خۆمان بە لایەنگری مافەکانی منالاّن دەزانین , ئەو ڕێکخراوانەی کار بۆ منالاّن و خوێندکاران دەکەن ئەو قەڵەمانەی پەرۆشی ژیانێکی ئارام و سادەن بۆ منالاّن , ئەو حیزبانەی کار بۆ منالاّن لە دەستور یاندایە , ئەو مامۆستایانەی نایانەوێت ئەم پرۆسە دژی منالْ و خوێندکارە بەردەوام بێت, ئەو دایک و باوکانەی کە نامە دەنووسن و داوادەکەن پێداوویستیەکانی منالەکانتان لە خوێندنگا دابین کەن , هەموو ئەو ئینسانانەی نایانەوێت عادلەکان دوو بارە بێتەوە, با بۆ گۆڕینی ئەم سیستەمە دواکەوتووە بۆ سیستەمێکی مۆدێرن و ئینسانی بێینە مەیدان و لە دەوری یەکتر کۆبینەوە بۆ بەرگری لەو ئینسانە بچووکانەی کە ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن , ئەمە بۆ ئێمە مەیدانێکی هەڵسوڕانی تەواو ئینسانی و پڕ بایەخە , لە کۆتایدا سەرنجتان بۆ ئەو بەدیلە ڕادەکێشم کە سامان ئەحمەد خست وویەتە بەردەستان ,

با سیستەمی دواکەوتووانەی پەروەردە و فێرکردن بگۆڕین ,

با سیستەمێکی ئینسانی جێگای بگرێتەوە ,

هیدایەت مەلا عەلی